# ئەشکەنجەی ژنێکی پانزە ساڵە لە دێگولان

## (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)



ژنێکی گەنجی ١٥ ساڵە بە ناوی «شەریفە حودودی» خەڵکی گوندی کۆخانی سەر بە شارۆچکەی دێگولان لای قوروە لە پارێزگای کوردستان، ماوەی نۆ مانگە لە دەسبەئاوی ماڵی خەزوورەی بە زنجیر بەستراوەتەوە و بە نامرۆڤانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دراوە.

شەریفە تازەبووکێکی ١٠ مانگەیە کە تەنیا یەك مانگ لە لای مێردەکەی ژیانی ئاسایی بووە. ماڵەخەزوورانی هەوڵ ئەدەن بە قەولنامەیەکی دەستکرد و درۆیی، زەوییێکی ١٠ میلیۆن تمەنی باوکی کچەکە داگیر کەن و باوکە نەخوێندەوارەکە بەوە دەخەڵەتێنن کە ئەمە بەڵگەی وامی بانکییە بۆ جیازی و تۆ دەبێ مۆری کەی. باوکی کچەکە ئەو بەڵگەیە مۆر دەکات و نازانێ چی بە سەری هاتووە تا کاتێك زەویەکەی دەفرۆشێ. دوای فرۆشتنی ئەو زەویە، خەزوورەی کچەکە



دەڕواتە دادگا و دەڵێ کە زەوی هی ئەوانە و ئەم فرۆشتوویەتی. باوکی کچەکە دەگیردرێ و دادگا داوای شاهید دەکات. ماڵە خەزووران داوا لە شەریفە دەکەن کە دژ بە باوکی شەهادەتی درۆ بدات، بەڵام شەریفە وا ناکات. هەر بەم هۆیە دەیبەنە دەسبەئاوی ماڵەکەیان و شەوانە بە زنجیر


باڵەکانیان شکاند

دەیبەســـتنەوە و زنجیرەکــەش بــە گــوڵ مــێخ بــە دیوارەکــەوە دەکــوتن. بــە ڕۆژیــش دار دەخەنــە ژێــر باخەڵ و قۆڵی ئــەو ژنــە گەنجــە و بــە پەتێکــەوە لەبــەر هــەتاودا هەڵیدەواســن. هــەر دوو بــاڵی شــەریفە دەشــکێت، بــەڵام گــوێی نادەنــێ و ئێســتا جێگــای ئێســـــقانە شـــــکاوەکانی کـــــە خۆیـــــان پێکـــــەوە لکاونەتەوە دیارە. ئەوەنــدە بــە بێــڵ ئاســن کــە بزمــار بــە دارەکەیــەوە بــووە لــە قاچــی شــەریفەیان داوە کــە قاچــی شــکاوە و برینــدار بــووە.


برینی قووڵ لەسەر قاچی

برینــەکان چــڵکیان کــردووە و کرمــی هــەڵێناوە. ئــەوان بــە شــەریفەیان وتــووە نابــێ بخــەوێ. شــەوێك شــەریفە خــەوی لــێ دەکــەوێ و لـــە تـــاو ئـــازاری ســـووتان دادەچڵەکێ. هێــوەرە پــانزە ســاڵەکەی کــە ســەلاحی نــاوە ئــاوی کوڵاتــووی کــردووە بــە شــان و مــل و ســنگی شەریفەدا.

شــایانی باســە ماڵەخــەزووران تێکــڕا ئــارەقخۆر و تریــاکین و هــەر کاتێــك تریاکیــان کێشــاوە ســیخی داخیــان نــاوە بــە پشــتی ئــەم ژنــەوە. ئــەوەی زۆر جێگــای ســەرنجە بەشــداری ئافرەتــانی ئــەو بنەماڵــە لــە ئــازار و ئەشکەنجەی وەحشیانەی بووکەکەیان بووە.


بە ئاوی کوڵاتوو سنگیان سووتاند

جارێــك خــەزوورەی شــەریفە دەیگرێــت و خەســـووی بـــە ســـۆندەی ئـــاو دەســـتدرێژی لێدەکات و ئـاو بـە فشـار دەکاتـە نێـو ڕەحـەم و ســکی ئــەو ژنــە بــێ تاوانــە. تــەواوی ئــەم ماوەیە ئەو بنــە ماڵــە ئــەو مەســتەراوە بــەکار دێــنن و میــزی خۆیــان دەکــەن بــە ســەر و

رووی شەریفەدا. تەنانەت شەریفە دەڵێت: هەر جار ئەوان هاتوون بۆ دەست بە




ئاو بە چەکوش لە سەریان داوم و چەندین جار سەریان شکاندووم و ئێستاش سەرئێشەیەکی زۆرم هەیە.
دیسان دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە لەم ماوەدا خۆراکی شەریفە هەر دوو رۆژ جارێک تریتی نانەرِەقە بووە. لە جیاتی ئاویش لە ئافتاوەکەدا میز و ئاویان تێکەڵاو کردووە و بە زۆر بە قورِگیان داکردووە.

هەر جارێک شەریفە هاواری کردووە، خەزوورەکەی هەرِەشەی دەستدرێژی خۆی و سێ هێوەرەکەی لێ کردووە، بۆ ئەوەی کە لە بەرابەر ئەو ئازار و ئەشکەنجەدا هاوار نەکا و بێدەنگ بێت.

لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا هەر کات ماڵەباوکی تەلەفۆنیان بۆ هەواڵی شەریفە کردووە، ماڵە خەزووران شەریفەیان ناچار کردووە کە جنێو بە ماڵەباوکی بدات و پێیان بڵێت ژیانی خۆشە و باشترە ئەوان کاریان بە ژیانی ئەمەوە نەبێ. باوکی شەریفە کرێکارە و لە قەزوین ئیش دەکات، سێ برا و خوشکێکی هەیە و دایکیشی کوێرە. شەریفە دەڵێ باوەگەورەی (باوکی دایکی) شەهیدی کۆمەڵەیە و دایکی ئەوەندە بۆ باوکی خۆی گریاوە کوێر بووە. مێردی شەریفە ١٧ ساڵیەتی، تریاك و ئارەق دەفرۆشێ و موعتادیشە. شایانی باسە کە شەریفە سەوادی نیە و نەخوێندەوارە، مێردەکەشی ١٠ کەلاسی خوێندووە.

دراوسێکان چەند جار گوێیان لە هاواری شەریفە دەبێت، بەڵام هەر کات کە پۆلیس دەهێنن، ماڵە خەزوورانەکە شەریفە لە چاڵێکدا دەشارنەوە و دەمی

دەبەستن. دشی شەریفە کە ناوی چیمەنە دەچێت بۆ دادگا و دەڵێ من بووکی ئەو بنەماڵەم و هیچ کێشەم نیە، دراوسێکان دەیانەوێ ژیانم تێك بدەن.

دوایین رۆژ کە تەنیا دشەکانی لە ماڵ دەبن، دراوسێیەك پۆلیس دەهێنێ و ئەو کچانەش فریا ناکەون شەریفە لە چاڵەکەدا وەشارن و پۆلیس شەریفەی زنجیرکراوی بێهێز و برسی دەدوزێتەوە.

هیوادارین راگەیاندنی ئەم ئەشکەنجە نامرۆڤانە ببێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ژنانی بێگوناح کە لە ئازاردان. شایانی باسە ماوەی یەك هەفتە بەرپرسان هەوڵیاندا ئەم جەنایەتە وەشارن، بەڵام لە ئاکامدا نەیانتوانی. بەڕاستی شاردنەوەی ئەم شتانە تەنیا یارمەتی دەدا بە پەرەسەندنی توندوتیژی دژ بە ژنان. ئێمە وەك ئەندامانی رێکخراوەی «ژنانی کوردی پارێزەری ئاشتی و مافی مرۆڤ» هیچ کات ناتوانین لە بەرابەر جەنایەتی وادا بێدەنگ بین.

**دوکتۆر روئیا تلووعی – نگین شێخولئیسلامی**

**ئەندامانی رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری ئاشتی و مافی مرۆڤ**